# سیستمی سیاسی چین




وڵاتی چین یاخود ( کۆماری چینی میللی )، زۆرترین ژمارەی دانیشتوانی هەیە نزیکەی ملیارێك و 415 ملیۆن هاوڵاتی بوو لە 2021 ، یەك لە وڵاتە هەرە فراوانەکانە لە ڕووبەر، ڕووبەری ئەم وڵاتە (906) ملیۆن کیلۆمەتر چوارگۆشەیە. ئەندامی هەمیشەیی نەتەوە یەکگرتووەکانە، لە دوای وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا خاوەن بەهێزترین ئابوریە لە جیهان، بە سێیەم وڵاتی زلهێز دادەنرێت لە جیهان کە خاوەن چەکی ناوەکیە.

## ئابووری چین

ئابوری چین بە یەکێک لە بەهێزترین و ئاڵۆزترین سیستەمی ئابووری جیهانی دادەنرێت، لە دوای هاتنەئارای چاکسازیی ئابووری لە ساڵی 1978، چین بۆتە یەکێک لە خێراترین وڵاتانی گەشەسەندن پێشکەوتوو لە جیهاندا، بەجۆرێک لە ساڵی 2014 بە دووەم گەورەترین وڵات دادەنرا لە جیهاندا لە رووی ئابوورییەوە. جگە لەوەش چین دەوڵەتێکی دانپێدانراوی چەکی ئەتۆمییە، دووەم گەورەترین بودجەی بەرگریی هەیە دوای ئەمریکا، هەروەها گەورەترین سوپایە لە جیهاندا. حکومەتی چین چەند چاکسازییەکی بە دوای یەکی ئەنجامدا کە بووە هۆی زیادبوونی بەرهەمی گشتیی ناوخۆ زیاتر لە دە هێندەی ئەوەی هەبووە، ئەم چاکسازیانە بریتی بوون لە کشتوکاڵ و ئازادکردنی نرخ، وە سەربەخۆیی کۆمپانیا حکومییەکانی زیادکرد، هەروەها یارمەتی گەشەپێدانی کەرتی تایبەتیان دا، بووە هۆی پەرەسەندنی سیستەمی بانکی، و زیادبوونی کراوەیی بەرامبەر بە بازرگانی و وەبەرهێنانی بیانی. هەروەها دەوڵەت پشتگیرییەکی زۆری لە کەرتە سەرەکییەکان کرد، لە ساڵی ٢٠١٤ دا چین لە ڕووی ئابوورییەوە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای تێپەڕاند، شایەنی باسە تا ساڵی ٢٠١٦، چین بووبووە یەکێک لەو وڵاتانەی کە ئابوورییەکی گەورەیان لە جیهاندا هەیە، سەرەڕای ئەمەش داهاتی تاکی چینی کەمترە لە ئاستی نیوەی جیهانی.

## دەستور و بونیادی سیاسی

سیستمی تاك حیزبی دیکتاتۆری حوکمی چین دەکات ، بونیادی سیاسی کۆماری چینی میللی لە دوو دەسەڵاتی باڵای سەرەکی چڕبۆتەوە ئەوانیش دەوڵەت و حیزب ئەمە جگە لە سوپا کە ڕۆڵی زۆری هەیە، وە کۆمەڵێ ڕێکخراوی جەماوەری هەن کە پەیوەندی نێوان جەماوەر و دەسەڵات ڕێکدەخەن. لیرەدا هەوڵدەدەین باس لە کایەکانی دەسەڵات بکەین کە بریتین لە:

دامەزراوە مەدەنییەکانی دەوڵەت، حیزب:

# دەسەڵاتە فەرمیەکانی سیستمی سیاسی چین

## دامەزراوە مەدەنییەکانی دەوڵەت

### یەکەم: دەسەڵاتی یاسادانان

دامەزراوەی یاسادانان لە چین لە چوارچێوەی دەستووری ساڵی 1982دا پێگەیەکی فراوانی بۆ تەرخانکراوە، کە شەش ساڵ دوای مردنی ماو تسی تۆنگ پەسەند کرا، ئەم دامەزراوەیە پێکدێت لە:

### ١- ئەنجومەنی نیشتمانی گەل

ئەم ئەنجومەنە لە ساڵی ١٩٥٤ دامەزراوە، ئەم ئەنجومەنە نوێنەرایەتی دەسەڵاتی یاسادانانی دەوڵەت دەکات و دامەزراوەیەکی باڵای دەسەڵاتی دەوڵەتە، بەرپرسە لە بڕیاردان لەسەر ئەو پرسە گرنگانەی کە کاریگەرییان لەسەر ژیانی دەوڵەت و سیاسەتەکەی هەیە بەپێی دەستوور، سەرجەم دامەزراوە سیاسییەکان ڕاپۆرت پێشکەش بەم ئەنجومەنە دەکەن، بەڵام دەسەڵاتی ڕاستەقینە لە دەستی حزبی شیوعیدایە.

ئەنجومەنەکە (٢٩٨٧ ئەندام) لەخۆدەگرێت، لە نێوان (٦٠-٧٠%) دا بە فەرمی سەر بە حزبی شیوعین. هەژموونی حزبی شیوعی بەسەر پەرلەمانەوە دەتوانرێ لەو ژمارە زۆرەی ئەندامانی پەرلەمان کە سەر بە حزبی شیوعین دیاری بکرێت، ئەمەش بەو مانایەیە کە ئەو بڕیارانەی حیزب لە پشت کورسییەکانیدا دەیدەن، گەرەنتی هەیە پێشوەختە پەسەند بکرێن. بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە ڕێگەی شاندی هەڵبژاردنەکان لە پارێزگا جۆراوجۆرەکان، ناوچە سەربەخۆکان، شارەکان کە ڕاستەوخۆ لەلایەن حکومەتەوە بەڕێوەدەبرێن و یەکەکانی سوپا هەڵدەبژێردرێت، ساڵانە جارێک کۆدەبێتەوە، هەروەها دەکرێت دانیشتنەکەی بەڕێوەبچێت ئەگەر لیژنەی هەمیشەیی ئەنجومەن بە پێویستی بزانێت کۆبوونەوەکە ئەنجام بدرێت یان ئەگەر زیاتر لە پێنج ئەندامی ئەنجومەن پێشنیارێک پێشکەش بکەن بۆ ئەوەی ئەو کارە بکەن، ماوەی پۆستەکەی پێنج ساڵە.

بە پشتبەستن بەو دەسەڵاتانەی دەستوور پێی دراوە، ئەنجومەن چەندین ئەرک ئەنجام دەدات کە دەتوانرێت بەسەر چوار ئەرکدا دابەش بکرێت:

١- دەسەڵاتی یاسادانان

٢- دەسەڵاتی دامەزراندن و لەکارلابردن.

٣- دەسەڵاتی ڕەزامەندی و جێگیرکردن.

٤- دەسەڵاتی چاودێری.

**بەگشتی دەتوانین بڵێین ئەم ئەرکانە خۆی لەمانەی خوارەوە دەبینێتەوە:**

١- مافی دانان و لابردنی نوێنەری دیپلۆماسی چین لە دەرەوەی وڵات.

٢- لابردن و هەموارکردنەوەی پەیڕەوی سەرەتایی پەیوەست بە کەیسە تاوانکارییەکان و کاروباری مەدەنی.

٣- بڕیاردان لەسەر هەڵبژاردنی سەرۆکی ئەنجومەنی دەوڵەت لەسەر بنەمای کاندیدکردنی سەرۆکی دەوڵەت، و بڕیاردان لەسەر هەڵبژاردنی جێگرەکانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی دەوڵەت، ئەندامانی ئەنجومەنی دەوڵەت، وەزیرانی بەرپرسیار لە وەزارەت و لیژنەکان، پشکنەری گشتی لە ژمێرییارییەکان، و سکرتێری گشتی ئەنجومەنی دەوڵەت بە پشتبەستن بە کاندیدکردنی سەرۆکی ئەنجومەنی دەوڵەت.

٤- سەرۆکی کۆمیسیۆنی سەربازی ناوەندی هەڵدەبژێرێت و لەسەر بنەمای کاندیدکردنی ئەو، کۆمیسیۆن بڕیار لەسەر هەڵبژاردنی هەموو ئەندامانی دیکەی سەربازی ناوەندی دەدات.

٥- هەڵبژاردنی سەرۆکی دادگای باڵای گەل و هەڵبژاردنی داواکاری گشتی لە داواکاری گشتیی باڵای گەل.

٦- هەموارکردنەوە یان هەڵوەشاندنەوەی ئەو بڕیارە نادروستانەی کە لەلایەن لیژنەی هەمیشەیی ئەنجومەنی نیشتیمانیەوە دەردەچن.

٧- پەسەندکردنی دامەزراندنی پارێزگا و هەرێمە سەربەخۆکان و شارەوانیەکان ڕاستەوخۆ لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی ناوەند.

٨- بڕیاردان لەسەر پرسەکانی شەڕ و ئاشتی و دوورخستنەوەی سەرۆکی حکومەت و جێگرەکەی، سەرۆک کۆمار لە ئەنجومەنی دەوڵەت، جێگرەکانی، ئەندامان، وەزیرەکان، سەرۆکی لیژنەکانی، سەرۆکی دادگای ژمێریاری، و سکرتێری گشتی ئەنجومەنی دەوڵەت، ئەندامەکانی، سەرۆکی دادگای باڵای گەل، سەرۆکی داواکاری گشتی باڵای گەل، و دەسەڵاتەکانی دیکە.

## 2 - لیژنەی هەمیشەیی ئەنجومەنی نیشتمانی گەل

* لەدوای ئەنجومەنی نیشتیمانی بالآترین دەسەلآتە لە ولآتدا، بەو پێیەی لە سەرۆک و جێگری سەرۆک و سکرتێری گشتی و ژمارەیەک ئەندام پێکدێت.

* ئەو نەتەوانەی نوێنەرایەتی هەرێمێک دەکەن مافی ئەوەیان هەیە نوێنەرایەتیان هەبێت لە لیژنەی هەمیشەیی.

* ئەنجومەنی نیشتمانی هەموو ئەندامانی لیژنەی هەمیشەیی خۆی هەڵدەبژێرێت و دەسەلآتی دوورخستنەوەیانی هەیە، هیچ ئەندامێکی لیژنەکە بۆی نییە لە هیچ پۆستێکی ئیداری، دادوەری، پەرلەمانی، یان ئەمنی دەوڵەتدا بێت، ئەم لیژنەیە لەبەردەم ئەنجومەنی نیشتمانی بەرپرسیار دەبێت. ماوەی کارەکانی لیژنەکە پێنج ساڵە، بەمەرجێک سەرۆکی لیژنەکە و جێگرەکانی بۆ زیاتر لە دوو دانیشتنی یەک لە دوای یەک هەڵنەبژێردرێن. لیژنەی هەمیشەیی کە 150 ئەندامی هەیە، هێزی بزوێنەری پەرلەمانە.

* لەو ماوەیەی ئەنجومەنی نیشتیمانیدا ماوەی یاسایی تەواو دەبێت، تاکو پێکهێنانی ئەنجومەنێکی تر، لیژنەی هەمیشەیی جگە لە جێبەجێکردنی ئەرک و دەسەلآتەکانی خۆی کارەکان رادەپەرێنێت تا ئەنجومەنی نیشتمانیی داهاتوو لیژنەی هەمیشەیی نوێ هەڵدەبژێرێت، ئەمەش لە لایەک و لەلایەکی دیکە لیژنەی هەمیشەیی لە ڕوانگەی دەستورییەوە دەستەیەکی هەمیشەیی ئەنجومەنی نیشتمانییە لێپرسینەوەی لەگەڵدا دەکات، تاکو ڕاپۆرتی خولیی لەسەر کارەکانی پێشکەش بکات.

**دەسەلآتەکانی لیژنەی هەمیشەیی ئەنجومەنی نیشتمانی گەل لەمانەی خوارەوە پێکدێن:**

١- لێکدانەوەی دەستوور و سەرپەرشتیکردنی جێبەجێکردنی.

٢- کاتێک ئەنجومەن ماوەی یاسایی تەواو بوو، دیراسە و پەسەندکردنی هەموارکردنەوەی بەشەکی لە پلانی گەشەپێدانی ئابووری و کۆمەلآیەتی نیشتمانی دەکات، هەروەها بۆ بودجەی دەوڵەت هەرکاتێک پێویست بوو ئەو هەموارانە لە چوارچێوەی جێبەجێکردنی پلان و بودجەدا ئەنجام دەدات.

٣- دەرکردن و هەموارکردنەوەی پەیڕەوی بنەڕەتی، جگە لەوانەی کە پێویستە لەلایەن ئەنجومەنی نیشتمانییەوە دەربچن.

٤- لەکاتی ماوەی یاسایی و دانیشتنی ئاسایی ئەنجومەنی نیشتیمانیدا، هەڵدەستێت بە زیادکردنی بەشەکی و هەموارکردنەوەی ئەو پەیڕەوە بنچینەییانەی کە ئەنجومەن دەریانکردووە، بەمەرجێک لەگەڵ بنەما بنەڕەتییەکانی ئەو پەیڕەوانە ناکۆک نەبن.

٥- سەرپەرشتی کارەکانی ئەنجومەنی دەوڵەت، کۆمیسیۆنی سەربازی ناوەندی، دادگای باڵای گەل، و داواکاری باڵای گەل دەکات.

٦- ڕێسا و ڕێسا ئیدارییەکان یان بڕیار یان فەرمانەکانی ئەنجومەنی دەوڵەت کە دژ بە دەستوور یان ڕێسا بنەڕەتییەکانن هەڵدەوەشێنێتەوە.

٧-هەڵدەستێت بە هەڵوەشاندنەوەی ئەو بڕیار و فەرمانە ئیدارییانەی کە پێشێلی دەستوورن کە لەلایەن ئەنجومەنی دەوڵەتەوە دەردەچن یان لەلایەن دەسەڵاتدارانی پارێزگا و ناوچە سەربەخۆکانەوە کە ڕاستەوخۆ لەلایەن حکومەتی ناوەندەوە بەڕێوەدەبرێن.

٨- پەسەندکردنی دانان و دەرکردنی باڵیۆزی باوەڕپێکراو لە وڵاتانی دەرەوە.

٩- پەسەندکردن یان هەڵوەشاندنەوەی پەیماننامە و ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییە گرنگەکان.

١٠- پەسەندکردنی لێخۆشبوونی تایبەت.

١١- ڕاگەیاندنی شەڕ، ئامادەکردنی نیشتمانی لە ڕێگەی خزمەتی سەربازی و بەسەربازکردنی بەشەکی یان راگەیاندنی حوکمە عورفیەکان لە ئەگەری کۆبوونەوەی ئەنجومەنی نیشتمانی.

١٢- بڕیاردان لەسەر هەڵبژاردنی ئەندامانی تری لیژنەی هەمیشەیی ئەگەر ئەنجومەنی نیشتمانی ماوەی یاسایی تەواو بوو بێت لەسەر بنەمای کاندیدکردنی سەرۆکی کۆمیسیۆنی سەربازی ناوەندی.

١٣- پلە سەربازی و دیپلۆماسییەکان ڕێکدەخات و مەدالیای دەوڵەت و مەرجەکانی پێدانی و نازناوی فەخری دیکە دیاری دەکات.

## دووەم: دەسەلاّتی جێبەجێکردن

دامەزراوەی جێبەجێکردن ئەو دامەزراوەیە کە بەرپرسە لە جێبەجێکردنی ئەو یاسایانەی کە لەلایەن دەسەلاّتی یاسادانانەوە دەردەچن.

دامەزراوەی جێبەجێکردن لەمانەی خوارەوە پێکدێت:

**یەکەم: سەرۆکی کۆماری گەلی چین:** لە چین سەرۆکایەتی دەولّەت رەگەزێکی گرنگی دەسەلاّتی دەولّەت پێکدەهێنێت و پێگەیەکی بەرزی هەیە، سەرۆک بەرزترین نوێنەری خەلّکی کۆماری گەلی چینە. سەرۆکی کۆمار ئەو سێ پۆستی سەرەکی هەیە، کە بریتین: لە

١- سەرۆکایەتی حیزب

٢- سەرۆکایەتی کۆمیسیۆنی سەربازی ناوەندی

٣- سەرۆکایەتی دەولّەت.

لە رووی دەستوورییەوە، سەرۆکی کۆماری گەلی چین و جێگرەکەی لە لایەن ئەنجومەنی نیشتمانییەوە هەلّدەبژێردرێت، نوێنەری بالاّی دەولّەتە لە ناوخۆ و دەرەوە، و ماوەی پۆستەکەی پێنج سالّە، دەستوور رێگە بە سەرۆک کۆمار نادات بۆ زیاتر لە دوو خولی یەک لە دوای یەک لە پۆستەکەی بمێنێتەوە.

**مەرجەکانی بوونە سەرۆک کۆماری چینی میللی:**

1- سەرۆکی دەولّەت دەبێت هاولاّتی کۆماری گەلی چین بێت

2- لە کاتی کاندیدبوونی بۆ پۆستی سەرۆکایەتی کۆماری چین تەمەنی گەیشتبێتە ٤٥ سالّ و بەپێی ئەم پۆستە فەرماندەی بالاّی هێزە چەکدارەکانی چین و سەرۆکی ئەنجومەنی بەرگرییە.

**بەگوێرەی دەستوور، سەرۆکی کۆماری گەلی چین چەندین دەسەلاّتی هەیە ، لەوانە:**

١- دەرکردنی یاسا پەسەندکراوەکانی ئەنجومەنی نیشتیمانی.

٢- دەرکردنی فەرمانی دانان و دوورخستنەوەی سەرۆکی ئەنجومەنی دەولّەت، جێگرەکانی، ئەندامانی ئەنجومەنی دەولّەت، وەزیرەکان، سەرۆکی لیژنەکان، سەرۆکی دەزگای ژمێریاری، و ئەمینداری گشتی ئەنجومەنی دەولّەت.

٣- راگەیاندنی یاسای سەربازی.

٤- میدالیای دەولّەتی و نازناوی فەخری دەبەخشێت.

٥- فەرمانی لێبوردنی تایبەت دەردەکات.

٦- باری نائاسایی ڕادەگەیەنێت، باری شەڕ ڕادەگەیەنێت، فەرمانی کۆکردنەوە دەردەکات.

٧- سەرۆکی کۆماری گەلی چین پێشوازی لە نوێنەری دیپلۆماسی بیانی دەکات، هەروەها نوێنەری کۆمسیۆنی چین لە دەرەوەی وڵات دادەمەزرێنێت و لە کارەکەی دووری دەخاتەوە.

٨- ئەو پەیماننامە و ڕێککەوتنە گرنگانەی لەگەڵ وڵاتانی دەرەوە ئەنجام دراون پەسەندی دەکات یان هەڵدەوەشێنێتەوە.

بەپێی دەستوور، جێگری سەرۆکی دەوڵەت دەسەڵاتی سەربەخۆی نییە، بەڵکو بەرپرسیارە لە هاوکاریکردنی سەرۆکی دەوڵەتدا لە کارەکانیدا، هەروەها هەندێک لە دەسەڵاتەکانی سەرۆکی دەوڵەت بەکاردەهێنێت، بۆ نموونە کاتێک سەرۆک لە پشوودایە یان لە دەرەوەی وڵات، جێگری سەرۆک ئەرکەکانی لە جیاتی سەرۆک رادەپەڕێنێت وەک (گفتوگۆکردن لەگەڵ سەرۆکی دەوڵەتان کە سەردانی نوێنەری دیپلۆماسی بیانی دەکەن یان پێشوازییان لێدەکەن و بڕوانامە پاڵپشتیەکانیان وەردەگرن).

سەرۆکی دەوڵەت کاریگەری لەسەر داڕشتنی ستراتیژی ئاسایشی نەتەوەیی چین هەیە، بە لەبەرچاوگرتنی پێگەی جێبەجێکاری و توانای ئاڕاستەکردنی دامەزراوەکانی دەوڵەت، هەرچەندە سەرۆکی دەوڵەت پابەندە بە پارت و کۆنگرەی نەتەوەیی پارتەوە، بەڵام ناتوانێت ستراتیژی ئاسایشی نەتەوەیی دابڕێژێت دوور بێت لە ڕێنمایی و بۆچوونەکانی حزب. هەر بۆیە سەرۆک ڕۆڵی هەیە لە داڕشتن و جێبەجێکردنی ستراتیژیەتی ئاسایشی نەتەوەیی.

ڕۆڵی سەرۆک کۆمار لەم ڕووەوە ڕوونە کە حزبی شیوعی چین ڕۆڵی هەیە لە داڕشتنی بڕیار، بەتایبەتی کە سەرۆکی دەوڵەت سکرتێری گشتی ئەم پارتەیە، بەو پێیەی لە ڕێگەی ئەو بڕیارانەی کە لەلایەن سەرۆکی دەوڵەت دەردەچن، چونکە ئەم بڕیارانە ڕەنگدانەوەی بیرۆکە و پرەنسیپەکانی حیزبن کە ئامانجیان گەیشتن بە ئامانجە باڵاکانی سیاسەتی چین و دەرکەوتنی وەک هێزێکی کاریگەرە لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا.

## دووەم: ئەنجومەنی دەوڵەت (ئەنجوومەنی وەزیران)

دەستوور ئەنجوومەنی دەوڵەتی کۆماری گەلی چین بە حکوومەتی ناوەندیی گەل پێناسە دەکات، کە دامەزراوەی باڵای جێبەجێکاری دەسەڵاتی دەوڵەت و باڵاترین

دامەزراوەی ئیداری دەوڵەتە، ئەرکی جێبەجێکردنی یاساکان و پاراستنی مافەکان و بەرگریکردن لە ئازادییە سیاسی و مەدەنییەکان بە حکومەتەوە پێسپێردراوە، ئەنجومەنی دەوڵەت ملکەچی سەرکردایەتی ئەنجومەنی نیشتمانییە، بەو پێیەی ئەو یاسایانە جێبەجێ دەکات کە لەلایەن دەسەڵاتی یاسادانانەوە دەرچووە.

ئەنجوومەنی دەوڵەت پێکدێت لە سەرۆک وەزیران و جێگرانی سەرۆکوەزیران و ئەندامانی ئەنجومەنی دەوڵەت و وەزیرەکانی بەرپرسی وەزارەتەکان و وەزیرەکانی بەرپرسی لیژنەکان و پشکنەری گشتی ژمێریاری و ئەمینداری گشتی کە ئەندامی باڵای حیزبن. سەرۆک وەزیران بەرپرسیاریێتی گشتی لە ئەستۆی کارەکانی ئەنجومەنی دەوڵەتدایە. سەبارەت بە شێوازی چاودێریکردنی حیزب، ئەندامە باڵاکانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی دەوڵەت و جێگرەکانی و وەزارەتە سەرەکییەکان وەردەگرن، ئەم ئەنجومەنە مانگانە جارێک کۆدەبێتەوە، لەکاتێکدا لیژنەی هەمیشەیی ئەم ئەنجومەنە هەفتەی دووجار کۆدەبێتەوە، و سەرۆکی ئەنجومەنی دەوڵەت و جێگرەکانی و ئەندامەکانی بۆ زیاتر لە دوو خول لە پۆستەکانیاندا بمێننەوە، سەرۆکی کۆمار ناوی سەرۆکی ئەنجومەنی دەوڵەت ئاشکرا دەکات و مافی دانان و دوورخستنەوەی هەیە.

سەبارەت بە ئەندامانی ئەنجومەنی دەوڵەت و جێگرەکانی و وەزیرەکانی و سەرۆکی لیژنەکانی، ئەوا لەلایەن سەرۆکی ئەنجومەنی دەوڵەتەوە دیاری دەکرێن و ئەنجومەنی دەوڵەت پەسەندی دەکات.

**به پشتبەستن بەو دەسەڵاتانەی دەستوور پێی دراوە، ئەنجومەنی دەوڵەت چەندین ئەرک ئەنجام دەدات کە دیارترینیان بریتین لە:**

١- داڕشتنی ڕێکارە کارگێڕییەکان و دەرکردنی بڕیار و فەرمان و چاودێریکردنی جێبەجێکردنیان.

٢- پێشکەشکردنی ڕەشنووسی یاساکان بۆ ئەنجومەنی نیشتیمانی یان لیژنە هەمیشەییەکەی.

٣- هەماهەنگی و بەڕێوەبردنی کاروباری وەزارەتەکان.

٤- سەرکردایەتیەکی یەکگرتوو پیادە دەکات بەسەر کارەکانی دامەزراوە ئیدارییە ناوخۆییەکانی دەوڵەتدا لە ئاستە جیاجیاکان لە سەرتاسەری وڵاتدا.

٥- پلانی نیشتمانی بۆ گەشەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و بودجەی گشتی دەوڵەت دادەنێت و جێبەجێی دەکات.

٦- پێشکەشکردنی پێشنیارەکان بۆ ئەنجومەنی نیشتیمانی یان لیژنە هەمیشەییەکەی.

٧- ئاراستەکردن و بەڕێوەبردنی کاروباری ئابووری، گەشەپێدانی شار و گوندەکان، وە ئاراستەکردن و بەڕێوەبردنی ئەو کاروبارانەی پەیوەستن بە پەروەردە، زانست، رۆشنبیری، تەندروستی گشتی، پەروەردەی جەستەیی، پلاندانانی خێزان، کاروباری مەدەنی، کاری ئەمنی و دادوەری، و بابەتە پەیوەندیدارەکانی تر.

٨- ئەنجومەنی دەوڵەت سەرپەرشتی بنیاتنانی شار و ناوچە گوندنشینەکان دەکات.

٩- هەڵدەستێت بە سەرکردایەتیکردن و بەڕێوەبردنی کارەکانی بەرگریی نیشتمانی و بەڕێوەبردنی کاروباری دەرەوە و بەستنی پەیماننامە و ڕێککەوتن لەگەڵ وڵاتانی دەرەوە و بەڕێوەبردنی کاروباری نەتەوەکان و بەدواداچوون بۆ پرسەکانی ئۆتۆنۆمی بۆ ناوچە ئۆتۆنۆمییەکانی کەمینە نەتەوەییەکان.

١٠- پاراستنی مافی یەکسانی کەمینە نەتەوەییەکان.

١١- پاراستنی ماف و بەرژەوەندییەکانی چینی تاراوگەنشین کە لە دەرەوەی وڵات نیشتەجێن.

١٢- بڕیاردان لەسەر جێبەجێکردنی یاسای سەربازی لە بەشێک لە پارێزگاکان، ناوچە سەربەخۆکان، یان شارەوانییەکان کە ڕاستەوخۆ کەوتوونەتە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندەوە.

١٣- هەڵوەشاندنەوەی بڕیارە نەشیاوەکانی وەزارەت و لیژنەکان.

١٤- بە ڕێوەبردنی بەشە کارگێڕییەکانی یەکە ئیدارییەکان لە وڵاتدا.

١٥- دانانی فەرمانبەرانی دەوڵەت بەپێی ئەو کادیرە یاساییانە و ڕاهێنان و پاداشتکردن و سزادان و دەرکردنیان.

## سێیەم: دامەزراوەی سەربازی

ئەو رۆڵە گرنگەی کە دامەزراوە سەربازییەکە دەیگێڕێت لە دوو لایەندا بەرجەستە دەبێت:

١- لایەنی ئابووری: پشکێکی گرنگی هەیە لە بەرهەمهێنانی ئابووریدا.

٢- لە کۆنترۆڵکردنی بڕیارە سیاسییەکان پێکدێت بەتایبەت لەکاتی قەیرانەکاندا.

سوپای ڕزگاریخوازی گەل لە پلەبەندی دەسەڵاتدا لە دوای حیزب و حکومەت پلەی سێیەمی هەیە و ملکەچی ئۆرگانێکی تایبەتی حزبییە، ئەویش کۆمیتەی سەربازییە، کە هەمان پلەی حکومەتی هەیە.

دەسەڵات لە سوپای ڕزگاریخوازی گەلدا دابەشدەبێت بەسەر فەرماندەی سەربازی و سکرتێری گشتیی ئەو حیزبەوە کە کاروباری ئایدیۆلۆژی و سیاسی بەڕێوە دەبەن. لە لایەکی ترەوە دامەزراوەی سەربازی ئاراستەیەکی ئابووری هەیە، بەو پێیەی کاریگەرییەکەی درێژ بۆتەوە بۆ بوارە سیاسی و ئابوورییە جیاوازەکان. ئەم کاریگەریە ئابووری و بازرگانیەش دەگەڕێتەوە بۆ بەڕێوەبردنی ژمارەیەک دامەزراوەی بازرگانی لەلایەن سوپای چینەوە کە ڕۆڵیان هەیە لە دامەزراندنی ناوچەیەکی ئابووری تایبەتدا. لە ئەنجامدا بووە هۆی گەشەسەندنی ئابووری کەرتە سەربازیە گرنگەکان کە لەلایەن سوپاوە بەڕێوە دەبرێن وەک بەڕێوەبردنی کۆمەڵێک هوتێل و کۆمپانیا و دامەزراوەکانی وەبەرهێنان لە بواری کشتوکاڵ و ناردنە دەرەوەی چەک. هەروەها بەشێکی زۆری پیشەسازیە بازرگانیە سەربازیەکەی گۆڕی بۆ پیشەسازی مەدەنی، وە حکومەتی ناوەندی لە سەرتای نەوەدەکانی سەدەی رابردوو (سەدەی ٢٠) ڕێگەیدا بە سوپا کاربکەن لە بواری مەدەنی تاکو بتوانن تێچووە زۆرەکەی سوپا و بودجە گەورەکەی بۆ خۆی فەراهەم بکات. هەربۆیە هێزە چەکدارەکان بەڕێوەبردنی کۆمپانیا سەرەکیەکانیان گرتەدەست و تاکو بەکاری بهێنن بۆ ئامانجی ناردنە دەرەوەی بەرهەمەکانیان، چونکە سوپا پاڵپشتێکی بەهێزی دەرەکی هەبوو بە هۆی چالاکیە دەرەکیەکانی وەک فرۆشتنی چەک و هاریکاری لەگەڵ سوپاکانی تر.

سوپای چین خاوەنی (20 هەزار) پرۆژەیە لە کەرتە بازرگانییە جیاوازەکانەوە، سوپاش پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەو حزبەدا بەکارهێناوە بەمەبەستی تەرخانکردنی چالاکییەکانی، وەک مەیلی سوپا بۆ گەیشتن بە خۆبژێوی و کەمکردنەوەی پشتبەستنی بە دامودەزگاکانی

دەوڵەت. وە بەهۆی زیادبوونی پەیوەندی نێوان سوپا و کاروباری ئابووری مەدەنی ڕەنگە لە داهاتوودا سوپا هەژموون و دەسەڵاتی سیاسی خۆی لە سیستەمی بڕیاردانی ناوخۆییدا زیاد بکات.

**لە دیارترین دامەزراوەکانی سوپای ڕزگاریخوازی گەل بریتین لە:**

١- دەستەی گشتی ئەرکان.

٢- بەڕێوەبەرایەتی کاروبارە سیاسیە گشتییەکان.

٣- بەڕێوەبەرایەتی خزمەتگوزاریە گشتییەکان.

هاوکات لەگەڵ ئەوانەی باسمانکرد، پەیوەستبوونی لیژنەی سەربازی ناوەندی بە مەکتەبی سیاسی حزبی شیوعی چین وای لێدەکات ببێتە پەیوەندی نێوان ئەو حزبە و سوپا، بەو پێیەی هەمیشە کۆمیتەکە لەلایەن سکرتێری گشتی حزبی شیوعی لە چین سەرکردایەتی دەکرێت.

**سێ دەستەی گرنگ پەیوەستن بەم لیژنەیەوە:**

**أ- دەستەی گشتی ئەرکان:**

سەرپەرشتی سەرجەم چالاکییەکانی سوپا دەکات، لەگەڵ ژمارەیەک کۆمپانیا کە لە بواری تەکنەلۆژیای سەربازیدا کاردەکەن، ئەرکی ڕێکخستن و سەرکردایەتیکردنی هێزە چەکدارەکانی چین و ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانیان لە ئەستۆدایە، چەند بەشێکی سەرەکی هەیە، کە بریتین لە:

١- بەشی ئۆپەراسیۆنە سەربازیەکان.

٢- بەشی زانیاریەکان.

٣- بەشی گەیاندن و پەیوەندییەکان.

٤- بەشی مەشقە سەربازیەکان.

٥- بەشی کاروبارە سەربازیەکان.

٦- بەشی ئامێرەکان.

٧- بەشی هێزە چەکدارەکانی گەل.

**ب- بەشی سیاسی گشتی:**

بەرپرسیارە لە هەموو چالاکییە سیاسییەکانی ناو دامەزراوەی سەربازی، جگە لە هەماهەنگی بەکارهێنانی میدیای سەربازی و بڵاوکراوەکان لە چوارچێوەیەکی دامەزراوەیی کە لەلایەن ئەم بەڕێوەبەرایەتییەوە سەرپەرشتی دەکرێت.

**ج- بەشی لۆجستیکی گشتی:**

بەرپرسیارە لە دابینکردنی پێداویستییە لۆجستییەکانی سوپا، وەک: خۆراک و جل و بەرگ و کەرەستەی بیناسازی، سووتەمەنی و ئامێر و پێداویستییەکانی دیکە.

**بەگشتی حیزب لەم لایەنانەی خوارەوە کۆنترۆڵی دامەزراوەی سەربازی دەکات:**

١- کۆمیتەی ناوەندی سەربازیە کە بەرپرسی فەرماندەی سوپایە لە ژێر کۆنتڕۆڵی حزبە، چونکە سەرۆکی کۆمیتەی ناوەندی سەربازی سەرۆکی دەوڵەتیشە.

٢- ئەو لیژنە حزبیانەی کە لە سەرانسەری چین بڵاوبوونەتەوە سەرپەرشتی لیژنە حزبیەکانی سوپا دەکەن کە دەکەونە چوارچێوەی کارکردنیان.

٣- دەزگاکانی چاودێری حزب سەرپەرشتی ستافی سەربازی سوپا دەکەن.

دەکرێت بڵێین ڕۆڵی کۆمیسیۆنی سەربازی لە سیاسەتی چیندا کاتێک زەق دەبێتەوە کە دەوڵەت ڕووبەڕووی هەندێک هەڕەشەی دەرەکی دەبێتەوە بۆ سەر سەروەری و ئاسایشی ناوچەکە، ئەوکات پێویستی بە سوپایەکی ڕێکخراو هەیە بۆ بەرگریکردن لێی لە لایەکەوە، لە لایەکی دیکەشەوە دامەزراوەی سەربازی لە ژێر کۆنترۆڵی حزبی شیوعییە. چونکە حیزب ئەو بڕیارانە دەردەکات کە پەیوەستن بە سیاسەتی چین و چۆنیەتی بەرگریکردن لێیان.

**دەسەڵاتی دادوەری لە چین:**

لە چین دەسەڵاتی دادوەری بە دوو مانای دێت:

**بە مانا گشتی و فراوانەکەی**، مەبەست پێی جێبەجێکردنی یاسایە کە لەلایەن دەزگا دادوەرییەکانی دەوڵەت و ڕێکخستنە دادوەرییەکانەوە ئەنجام دەدرێت لە میانەی پرۆسەکانی چارەسەرکردنی ئەو کەیسانەی کە سکاڵایان لەسەرە وە ئەو کەیسانەی سکاڵایان لەسەر نیە.

**وە بە مانا تایبەتەکەی**: بریتیە لە کاروباری جێبەجێکردنی ئەو یاسایانەی کە لەلایەن دەزگا دادوەرییەکانی دەوڵەتەوە ئەنجام دەدرێت بە مەبەستی چارەسەرکردنی ئەو کەیسانەی کە لەسەر بنەمای سکاڵا مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت.

وە بەگشتی مەبەست لە دەزگاکانی دادوەری واتە دەزگا ئەمنییەکان و داواکاری گشتی، دادگا و زیندانەکان، کە بەرپرسیارن لە لێکۆڵینەوە، لێپێچینەوە، دادگاییکردن و جێبەجێکردنی یاساکانی وڵاتی چین.

وە مەبەست لە ڕێکخستنە دادوەرییەکان لێرەدا مەبەست لێی ڕێکخراو و سەندیکاکانی پارێزگاران و بەڵگەنامەسازی و ناوبژیوانییەکانە کە سەر بە دەزگای دادوەری نین، بەڵام چەند بازنەیەکی پێویستە لە زنجیرەی سیستەمی دادوەریدا.

* **سیستەمی دادوەری بە** واتای بونیادنانی دادگا و دادوەرەکان و ڕێکخستنی دادگاییەکان و چالاکیەکانیان دێت.

**دادگا میللیەکان:** بە گوێرەی دەستوری چین دادگا میللیەکان دادگای ناوچەیین لە چەند ئاستێکی جیاوازدا، کە دادگای باڵا و دادگای تایبەتن. کە کاروبارەکانی دادگا لە هەموو دادگا میللیەکانی چین لە ژێر چاودێری دادگای باڵادان. وە دادگا میللیەکان بە گوێرەی دابەشکاری ئیداری و کارگێڕی ناوچەکان دەبن.

## پارتی سیاسی

## (حیزبی شیوعی چین)

- ڕەوتی چەپ و شیوعیەت لە چین دوای سەرکەوتنی (شۆڕشی بەلشەفی 1917 رو سیا) وە بانگەوازی لینین بۆ شۆڕش لەسەر ئاستی جیهان دژی ئیمپریالی و سیستمی سەرمایەداری رۆژئاوا، وە ئامادەبوونی روسیا بۆ پاڵپشتی شیوعیەکان لە چین وایکرد پارتی شیوعی لە چین سەرهەڵبدات لە 1921 بەسەرکردایەتی (شین دوك سو) و (لی چاو) و (ماوتسی تونگ) و زۆر سەرکردەی تر.
- حیزبی شیوعی چینی لەسەرەتادا هەوڵیدا بەربەرەکانی داگیرکەری یابانی بکات تا ئەو کاتەی یابان خۆ بە دەستەوەدانی راگەیاند لە جەنگی جیهانی دووەم بەرامبەر بە هاوپەیمانان لە 1945 . وە لە 1946 لە جەنگی ئەم حیزبە لەگەڵ حیزبی دەسەڵات و سەهەلدانی جەنگی ناوخۆ لەم جەنگە حیزبی شیوعی توانی سەرکەوتن بەدەستبهێنێ و حکومەتێکی دامەزراند، گەورەترین کێشەی بیروباوەڕی ئایدیۆلۆجی کە حیزبی شیوعی رووبەڕووی بووەوە بریتی بوو لە بونیادنانی سیستمی ئیشتراکی لە وڵاتێکی کشتوکاڵی کە رابردوویێکی نزیکی سیستمی دەرەبەگایەتی هەبوو تا ئەوکاتەی ڕیشەکێش نەکرابوو بە تەواوی.
- پەیڕەو و پڕۆگرامی حیزبی شیوعی چینی گەل لە سێپتەمبەری 1982 لە کۆنگرەی 12 ی حیزب پەیکەری حیزبی وەك نیمچە دەوڵەتێك ڕێکخستووە لە نێو دەوڵەت، دواجار دەستوری نوێی حزبی شیوعی چین بە 3 نۆڤەمبەری 2017 بلاۆکرایەوە دوای ئەوەی لە کۆنگرەی نۆردەی حیزب پەسەندکرا. لەم کۆنگرەی دوایی جەخت دەکاتەوە کە چوار پرەنسیپە سەرەکیەکە کە بنەمای سەرەکی وڵاتی چینە، ئەوانیش:

1- دەستگرتن بە ئیشتراکیەت
2- دیکتاتۆریەتی دیموکراسی گەل
3- سەرکردایەتی حیزبی چینی بۆ وڵات
4- بڕوا بوون بە بە بیروباوەڕی مارکی لینینی و ماوتسی تونگ

و ئەم حیزبە لە پاڵ هەر دامەزراوەیەك و یەکەیەکی کارگێڕی دەوڵەت لە هەر گوندێك و هەر ناوچەیەك ڕێکخستنی حیزبی داناوە.

بـۆ چـاودێری کردنـی هــەموو چـالاکی دامــەزراوەکانی دەوڵــەت و چـالاکی سیاســی هاوڵاتیـان و سەرپەرشتی کردنی دەنگ و دەسەڵاتی هەریەك لەم دامەزراوانەی حیزب لـە دەنگ و دەسـەڵاتی یەکە ئیداریەکانی دەوڵەت بەرزترن، دامەزراوە باڵاکەی حیزب پێکهاتووە لە (ئەنجومەنی نەتەوەیی حیزب) کـە پێـنج سـاڵە جارێـك کـۆنگرە دەبەسـتن کارەکـانی ئـەم ئەنجوومەنـە لەلایـەن لیژنـەی مەکـەزی ڕایـی دەکرێت کە باڵاترین دەسەڵاتە لە چین.

حیزب پرەنسیپی تری هەیە ئەویش دیموکراسیەتی ناوەندیە (الدیمقراطیة المرکزیة) بە پێی ئەم پرەنسیپە پێویستە هەموو دەستەیەکی سەرکردایەتی باڵا لەلایەن ئەندامانی ئەنجومەنی حیزبەکان هەڵبژێردرێت. وە بەردەوام ئـەم دەسـتەی سـەرکردایەتیە راپـۆرت بنووسـێ بـۆ ئـەم ئەنجومەنانـەی کـە نوێنەرایـەتی دەکـەن. وە ئامـادە بـن بـۆ گفتـو گـۆ و ڕەخنـە و پێشکەشکردنی پێشـنیار لـە خـوارەوەی هەڕەمەکە. لەلایەکیتر هەموو ئەندامانی حیزب ملکەچن بۆ ئەنجومەنی نەتەوەیی و لیژنەی مەرکەزی.

جێگەی ئاماژە پێکردنە جگە لە پارتی شیوعی کۆمەڵێ پارتی تری چینی هەن (کـە خۆیـان بـە پـارتی دیموکراتی هەژمار دەکەن)، بەڵام ڕۆڵیان نیە.